چەند زانیارییەکی بەسوود لەسەر خولی یانەکانی ئەوروپا

بەشی دووەم و کۆتایی

ئەو یاریزانەی لەیەک خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا زۆرترین گۆڵی تۆمار کردبێت هەردوو یاریزانان بەرازیلی (خۆسیە تفانی) و یاریزانی هۆڵەندی (ڤان نستلرۆی) هەریەکەو (١٤) گۆڵیان تۆمار کردووە، نستلرۆی لە وەرزی ٢٠٠٢-٢٠٠٣ لەگەڵ مانچستەر یونایتد و تفانیش لەگەڵ میلان لە وەرزی ١٩٦٢-١٩٦٣.

یاریزان (یۆرگن کلینزمان) ی ئەڵمانی لە جامی ئەوروپا لیگ توانی زۆرترین گۆڵ تۆمار بکات کە (١٥) گۆڵ بوو لە وەرزی ١٩٩٥-١٩٩٦ لەگەڵ یانەی بایرن میونخ.

یاریزانی ئەڵمانی (لۆتەر ئیمیریگ) تاکە یاریزانە لە جامی جامەکانی ئەوروپا (١٤) گۆڵی تۆمار کردووە لە یەک وەرز ئەویش لە وەرزی ١٩٦٥-١٩٦٦ لەگەڵ برۆسیا دۆرتمۆند بوو.

یاریزانی ئەڵمانی (گێرد مۆلەر) تاکە یاریزانە چوار جار بۆتە گۆڵکاری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە وەرزەکانی (٧٢-٧٣، ٧٣-٧٤، ٧٤-٧٥، ٧٦-٧٧) هەرهەمووشی لەگەڵ بایرن میونخ بووە.

ئەو یاریزانانەی کە زۆرترین جار بونەتە گۆڵکاری جامی ئەوروپا لیگ یاریزانان (ئالان شیرار)ی ئینگلیزی لەگەڵ نیوکاسڵ لە وەرزەکانی (٢٠٠٣-٢٠٠٤، ٢٠٠٤-٢٠٠٥) و (یۆب هنگیس)ی ئەڵمانی لە وەرزی (١٩٧٢-١٩٧٣، ١٩٧٣-١٩٧٤) لەگەڵ بروسیا مونشن گلادباخ و (مانفریدینی) ئیتاڵی لە وەرزی (١٩٦٠-١٩٦١، ١٩٦٢-١٩٦٣) لەگەڵ رۆما و (ڤالدۆ)ی ئیسپانی لە وەرزی (١٩٦١-١٩٦٢، ١٩٦٣-١٩٦٤) لەگەڵ ڤالنسیا، هەریەکەیان دووجار بونەتە گۆڵکار.

یاریزانی پۆڵەندی (لۆبانسکی) تاکە یاریزانە دوو جار بۆتە گۆڵکاری جامی جامەکانی ئەوروپا ئەویش لە وەرزەکانی (١٩٦٩-١٩٧٠، ١٩٧٠- ١٩٧١) لەگەڵ یانەی گرینک زابرس.

گۆڵی مێژوویی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا تا ئێستا یاریزانی ئیسپانی (رائول گۆنزالیس)ە، بە تۆمار کردنی (٦٦) گۆڵ.

گۆڵکاری مێژوویی جامی ئەوروپا لیگ تاوەکو ئێستا یاریزانی سویدی (هێنرک لارسۆنە) بە تۆمار کردنی (٤٠) گۆڵ.

گۆڵکاری مێژوویی جامی جامەکانی ئەوروپا تاوەکو ئێستا یاریزانی هۆڵەندی (رۆب رینسنبرینک)ە، بە تۆمار کردنی (٢٥) گۆڵ.

(یۆب هنگیس) تاکە یاریزانە نازناوی گۆڵکاری سەرجەم پاڵەوانیەتیەکانی ئەوروپای بەدەست هێناوە، ئەویش بەم شێوەیە، گۆڵکاری خولی یانە پاڵەوانەکان لە وەرزی (١٩٧٥-١٩٧٦)، گۆڵکاری ئەوروپا لیگ دوو جار لە وەرزی (١٩٧٢-١٩٧٣، ١٩٧٤-١٩٧٥)، گۆڵکاری جامی جامەکانی ئەوروپا لە وەرزی ١٩٧٣-١٩٧٤) سەرجەمیشیان لەگەڵ یانەی بروسیا مونشن گلادباخ بووە.

یاریزانی دانیمارکی (ئالان سیمۆنس) تاکە یاریزانە کە گۆڵی لە هەموو یاریەکانی کۆتایی پاڵەوانیتیەکانی ئەوروپا تۆمار کردبێت ، لە خولی یانە پاڵەوانەکان لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ مونشن گلادباخ، دوو گۆڵیشی لە یاری کۆتایی ئەوروپا لیگ لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ مونشن گلادباخ تۆمار کرد، گۆڵێکیشی لە جامی جامەکانی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ بەرشلۆنە تۆمار کرد.

ئەو یاریزانانەی زۆرترین گۆڵیان تۆمار کردووە لەهەر سێ خولەکەی ئەوروپا یاریزانان (گێر مۆلەر) ی ئەڵمانی و (رائول گۆنزالیسی) ئیسپانی بە تۆمار کردنی (٦٦) گۆڵ، بۆ زانیاری رائول گۆڵکاری یانە پاڵەوانەکانە و هیچ گۆڵی لە ئەوروپا لیگ و جامی جامەکان تۆمار نەکردووە.

دیمانەی واین ڕۆنی لەگەڵ ماڵپەڕی گۆڵی جیهانی

ماڵپەڕی گۆڵی جیهانی دیمانەیەکی لەگەڵ یاریزانی ئینگلیزی و یانەی مانچستەر یونایتد (واین ڕۆنی) تەمەن ٢٤ ساڵ ساز کرد، ئێمەش دیاترین وەڵامەکانی ئەم دیمانەیە بۆ ئێوە دەخەینە ڕوو.

گۆڵ: زەحمەترین یاریزانی بەرگری ڕووبەروت بۆتەوە؟

ڕۆنی: زۆرن ئەو یاریزانە باشانەی بەرەنگاریان بویمەوە، پێم وایە (جۆن تێری) لە یانەی چێلسی باشترین یاریزانی بەرگرییە کە یاریم بەرامبەری کردبێت، بەهۆی ئەوەی لە ڕووی هونەری و توانای جەستییەوە زۆر بەهێز بووە بۆیە بەردەوام ئاگاداری من بووە.

گۆڵ: ئەو یاریزانە کێیە کە حەز دەکەی بە درێسی مانچستەر یۆنایتد ببینیت؟

ڕۆنی: زۆر یاریزانی گەورەو بەتوانا یارییان لەگەڵ مانچستەر یۆنایتد کردووە، بەڵام من زۆر حەز دەکەم یاریزانی یانەی لیڤەرپول (ستیڤن جیرارد) بە درێسی یانەکەم ببینم، ئەمەش زۆر زەحمەتە چونکە لیڤەرپولیە، هەروەها زۆریش حەزم دەکرد زێنەدین زێدان بە درێسی یانەکەم ببینم، بەڵام وازی لەیاری کردن هێنا.. تیۆ والکۆت یاریزانێکی زۆر خێرایە و ڕەنگە چەند ساڵی تر بەردەوام بێت ،لەبەر ئەوەی خێراترین یاریزانە کەمن بینیبیتم.

گۆڵ – چیت بە کارلۆست تیفیز وت کاتێک لێدانی سزای جێ بەجێ کردنی لەیاری پێش کۆتایی جامی کارلینگ کاپ؟

ڕۆنی: پێم نەوت لێدانەکە گۆڵ مەکە!

گۆڵ: لەکریستیانۆ تورەنەبووید کاتێک لە جامی جیهانی ٢٠٠٦ بە کارتی سور کرایەدەرەوەی یاریگا؟ ئایاداوای لێبوردنی لێکردی؟

ڕۆنی: من شایانی کارتی سور نەبووم، هاندەرانیش هیچ کاردانەوەی خراپیان بەرامبەر بەمن نەبوو، پەیوەندیشم لەگەڵ ڕۆنالدۆ هیچ تەگەرەی تێ نەکەوت، لەدوای ڕووداوی یاریەکەش بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵی کرد، ڕۆنالدۆش کەسێکی زۆر باشە و بەردەوام بەیەکەوە کارمان کردووە.

گۆڵ:بەڕای تۆمیسیان کریستیانۆ ڕۆنالدۆباشترین یاریزانە؟

ڕۆنی: چەند ساڵێک لەگەڵ کریستیانۆ یاریم کردووە، شارەزای بوومە بەهەموو شێوەیەک گۆڵ تۆمار دەکات، بە لێدانی ڕاستەوخۆ، لێدانی خێرا، لێدانی سەر، یاریزانێکی نمرە یەکە، ئێستاش دەوڕێکی باڵای هەیە لە سەرکەوتنەکانی ڕیال مەدرید.. میسی یاریزانێکی زیرەکە، زۆر خێراییە کاتێک تۆپی لەلایە، من حەز بە بینینی دەکەم، دوو یاریزانی جیاوازن، کەسایەتیان جیاوازە، من ناتوانم جیاوازی لە نێوانیان بکەم.

گۆڵ: پێشبینی کام یاریزان دەکەی لەجامی جیهانی لەگەڵت یاری بکا؟

ڕۆنی: لەدەست من نیە یاریزان دیاری بکەم، لەسەر من پێویستە یاری بکەم، کاپیلۆ یاریزان دیاری دەکات، پێشبینی دەکەم ئیمیل هیسکی یان جیرمان دیفۆ لەگەڵ من یاری بکەن، کۆتایی لای ڕاهێنەرە.

گۆڵ: گەر مانچستەر یۆنایتد بریاریدا بتفرۆشێت، کام یانە هەڵدەبژێریت؟

ڕۆنی: من یاریزانی مانچستەر یۆنایتدم، حەزدەکەم لە نزیک یاریگای مەشقی یانەکە ژیان بەسەر ببەم، ژیانێکی باشم هەیە، جگە لە مانچستەر یۆنایتد یانەیەکی تر هەڵنابژێرم، من خۆم بە بەشێک لە یانەکە دەزانم و نامەوێت بچمە یانەیەکی تر جگە لە مان یۆنایتد.

گۆڵ: هەست بەچی دەکەی کە ماڵەوەتان هاندەری لیڤەرپولن؟

ڕۆنی: خێزانەکەمان هەموویان یانەی ئیڤەرتۆنیان خۆش دەوێت، لە ئیڤەرتۆن گەورە بووم، هەموومان دەزانین لەگەڵ تۆپی پێی لیڤەرپول گەورە بووین، ئەمە گۆرانکاری بەسەر نایەت هیچ کات، باوکیشم کاریگەری لەسەرمان دەبێت.

گۆڵ: گۆرینی شوێنت لە مان یۆنایتدەوای ڕۆیشتنی کریستیانۆ؟

ڕۆنی: ڕاهێنەری هونەری ئاگاداری نەکردمەوە کە بە شێوەی جیاواز یاریم پێ دەکات، من زۆربەی کات لە هێڵی هێرشبەر یاریم کردووە، ئێستاش برسی تۆمار کردنی گۆڵم، هیوادەخوازم ئەوە سەرەتایەکی باش بێت بۆم لە هێڵی هێرشبەر ، بەردەوام بم لە تۆمار کردنی گۆڵ.

ڕێز لە کۆمەڵێک ڕاگەیاندن کارو وەرزشوان و هونەرمەند و بەرپرسانی ئەمنی شاری هەولێر دەندرێت

ڕۆژی ١/٢٥ ناوەندی باڵای هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەژێر چاودێری (نەوزاد هادی) پارێزگاری هەولێر و لە ژێر دروشمی (دوێنێ ماندوبون و شەونخون ، ئەمڕۆ حەسانەوە و ڕێزلێنان) ، هەڵسا بە ڕێزلێنانی کۆمەڵێک ڕاگەیاندن کار و وەرزشوان و هونەر مەند و بەرپرسانی ئەمنی شاری هەولێر، سەرەتای ئاهەنگەکە بە پارچە مۆسیقایەک دەستی پێ کرد، پاشان وتەی بەخێر هاتن لەلایەن (شێرزادعبدالسەمەد) بەرپرسی ناوەندی باڵای هەولێر پێشکەش کرا، دواتر (نەوزاد هادی) پارێزگاری هەولێر تیشکی خستە سەر ڕۆڵی ئەم کەسانەی خەڵات دەکرێن کە دەورێکی باڵایان بینیوە لە پێش کەوتنی شاری هەولێر هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ خواستن، پاشان (ئومێد خۆشناو) سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد تیایدا تیشکی خستە سەر ڕۆڵی ئەم کەسایەتیانەی خەڵات دەکرێن و داوای لێ بوردنیشی کرد لەهەر کەمو کوڕییەک، پاشان هونەرمەند (عارەب عوسمان) حەیرانێکی پێشکەش کرد، دواتر هۆنراوەیەک لەلایەن (هەڵبەست) خوێندرایەوە، پاشان ڕێو ڕەسمی دابەش کردنی خەڵاتەکان دەستی پێ کرد.

ئاگاداری

داواکار (نەریمان واحد)

داوالێکراو: رازگری شارستانی شارباژێڕ

داواکار (نەریمان واحد محی الدین) داوای بەرایی بەژمارەی سەرەوە تۆماری کردوە بە مەبەستی گۆڕینی ناوی (کچەکەی) لە (دنیا) بۆ (اخلاص)، پشت بەست بە بەندی (٢١) لە یاسای باری شارستانی دادگا بڕیاری دا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە یەکێک لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا هەرکەس و لایەنێک ڕێگریی هەیە لەم ناوگۆڕینە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژدا لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە پەیوەندی بکات بەم دادگاییەوە یان بریکارێکی یاسایی بنێرێت بۆ ئەم دادگایە، بەپێچەوانەوە ئەم داوایە بەپێی یاسا دەبینرێت.

دادوەر جمال صدرالدین علی

ئاگاداری

داواکار (نەریمان واحد)

داوالێکراو: رازگری شارستانی شارباژێڕ

داواکار (نەریمان واحد محی الدین) داوای بەرایی بەژمارەی سەرەوە تۆماری کردوە بە مەبەستی گۆڕینی ناوی (کچەکەی) لە (دیمە) بۆ (هالە)، پشت بەست بە بەندی (٢١) لە یاسای باری شارستانی دادگا بڕیاری دا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە یەکێک لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا هەرکەس و لایەنێک ڕێگریی هەیە لەم ناوگۆڕینە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژدا لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە پەیوەندی بکات بەم دادگاییەوە یان بریکارێکی یاسایی بنێرێت بۆ ئەم دادگایە، بەپێچەوانەوە ئەم داوایە بەپێی یاسا دەبینرێت.

دادوەر جمال صدرالدین علی

وون بوون

ناسنامەیەکی یەکێتی مامۆستایان/لقی هەولێر وون بووە، بەناوی (غازی محمد احمد) هەرکەسێک زانیاری لەسەر هەیە پەیوەندی بکات بە ٠٧٧٠٦٥٣٣٤٢٨

ستاندەر

بەڕێوەبەری نووسین
سۆران هەستیار
soranhastyar@yahoo.com

بەڕێوەبەری هونەری
جمعە صدیق کاکە

ئای تی
شاخەوان خۆشناو
shakhawanit@yahoo.com

وەرزش
سامان زاهیر

نوسینگەی سەردەکی
هەولێر، شەقامی ئاراس، نزیک مزگەوتی ئەوقاف
تەلەفۆن: ٠٧٧٠٦٥٣٣٤٢٨
standar2007@gmail.com

چاپ
چاپخانەی نەوا:
٠٧٥٠٤٤٥٤١٩٠

نوسینگەی دابەشکردن
هەولێر: نوسینگەی برایەتی
٠٧٥٠٤٤٧١٧٣٧
سلێمانی :کۆمپانیای نێوەند
٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣